# راگەیاندنی بەرشلۆنە:
# پلانی کاری کۆمەڵگەی مەدە
# نی ئۆرو– ناوەڕاستی بۆ ڕێگرتن
# لە هەموو شێوازەکانی پە
# ڕگیری توندوتیژ

OPEV
observatory to prevent extremist violence

بەرشلۆنە 30 کانونی دووەمی 2017

نووسەر:

راگەیاندنی بەرشلۆنە بە ئەنجامێکی کرداری دادەنرێت بۆ پرۆسەی هاوبەشکاریی و راگۆڕکێ کە بە بەشداریەکی چالاکی 320 کەس هاتە ئارا کە نوێنەرایەتی 172 رێکخراویان دەکرد لە 22 وڵاتەوە. ئەنجامەکانی گفتوگۆ، لەلایەن تیمی توێژینەوەی NOVACT پەرەی پێدرا، بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە مەغریبییەکانی مافەکانی مرۆڤ (CMODH). راگەیاندنی بەرشلۆنە یەکەم بڵاوکراوەی روانگەی رێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژە، کە لە 30 کانونی دووەمی 2017 لە بەرشلۆنە دامەزراوە .

تیمی هەماهەنگی:

راگەیاندنی بەرشلۆنە هەژمارکرا لەگەڵ تیمی بەرپس لە (1) سەرکردایەتی پرۆسەی دیاریکردنی رێکخراوە ئۆرۆ– ناوەڕاستیە سەرەکیەکان کە ئەزموونی پەیوەندیداریان هەیە بە رێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژو (2) پێشنیاری یەکەم دۆکیومێنتی رەشنووس کە بنچینەیەك بوو بۆ گفتوگۆ لە میانەی پرۆسە هاوبەشکاریەکەدا. تیمی هەماهەنگی لەلایەن رێکخراوە بەرچاوەکانی بنیاتنانی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ پێکهێنرا کە شارەزاییەکی پێشەنگیان هەبوو سەبارەت بە رێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ. رێکخراوە ئەندامەکان لە تیمی هەماهەنگی بریتیبوون لە: لە ئەوروپاوە: ( Fundación Al Fanar, IDHC- Institut de Drets Humans de Catalunya, NOVACT- International Institute for Nonviolent Action, PAX for Peace, SOS Racisme, UPP- Un Ponte Per)و لە مەغریبەوە: ( AMDH- Association Marocaine des Droits Humaines, Association Mauritanienne des Droits Humaines, ASDHOM- Association de Défense des Droits Humaines au Maroc, IMDH- Instance Marocaine des Droits Humains, Forum Vérité et Justice, Free Sight Association, LADDH- Ligue Algérienne de Défense des Droits Humaines, LMMDH- Ligue Marocaine pour la Défense des Droits Humaines, LTDH- Ligue Tunisienne des Droits Humaines)و لە مەشریقەوە: ( ARDD Legal Aid, ISF- Iraqi Social Forum, PSCC- People Struggle Coordination Committee, PPM- Permanent Peace Movement, UKKSD - Unabhängiges Komitee für Sozialentwicklung und selbstorganisierte Demokratie)

چوارچێوە:

راگەیاندنی بەرشلۆنە بە سوپاسەوە بە پشتگیری و بەشداری ئەمانە هاتە ئارا:

بە پشتگیری:

بە بەشداری:

ئەسپاردەی یاسایی:

ئەم کارە بە پێی مۆڵەتی Creative Commons Attribution-Non-Commercial - Non Derivative Works 2.5 رێگەپێدراوە

مۆڵەتی ئیسپانیا. دەکرێ ئەم کارە کۆپی بکرێت و دابەش بکرێت و بە ئاشکرا بڵاو بکرێتەوەو وەربگێردرێت و هەموار بکرێت، بە مەرجێك بۆ مەبەستی بازرگانی نەبێت و مافی نوسینی بپارێزرێت بەم دەقەی خوارەوە: روانگەی رێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ – OPEV (نوسەر)، راگەیاندنی بەرشلۆنە: بریتیە لە پلانی کاری کۆمەڵگەی مەدەنی ئۆرۆ-ناوەڕاستی بۆ رێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ (2017). پێشەکی

پلانی کاری کۆمەڵگەی مەدەنی ئۆرۆ-ناوەڕاستی بۆ ڕێگرتن لە هەموو شێوازەکانی پەڕگیری توندوتیژ.

بەرشلۆنە، 30ی کانوونی دوەمی 2017

# پێڕستی دۆکیومێنت


پێشەکی ....... 6

I. ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ ....... 6
II. ڕۆڵگێڕەکان و، چەمك و پێناسەکان ....... 7
III. کاریگەری پەڕگیری توندوتیژ لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاستی ....... 8
IV. پێڤاژۆ و پاڵنەرەکانی پەڕگیری توندوتیژ ....... 9
A. ڕەوشەکان و پێڤاژۆی پەیکەریی ڕێخۆشکەر بۆ پەڕگیری توندوتیژ ....... 10
- نەبوونی دەرفەتە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان ....... 10
- پەراوێزخستن و جیاکاری ....... 10
- تیرۆری سیاسی، پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا ....... 11
- ناکۆکیە درێژخایەن و چارەسەر نەکراوەکان ....... 11
- تەلقین لە زیندانەکان ....... 11

B. پرۆسەکانی تەلقین ....... 11
V. بەرنامەی کار ....... 12
- ئامانجی 1: چاودێریکردنی پاڵنەرەکان و کاریگەری هەموو شێوازەکانی پەڕگیری توندوتیژ ....... 12
- ئامانجی 2: بەهێزکردنی فێرکردن و بەرگەگری لەسەر ئاستی لۆکاڵ ....... 13
- ئامانجی 3: بەهێزکردنی بەرپرسیاریتی لە پاراستنی قوربانیان ....... 14
- ئامانجی 4: زامنکردنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە یاساکانی دژە تیرۆر ....... 14
- ئامانجی 5: بەهێزکردنی دادگەری جێندەری و دەرخستنی تایبەتمەندیە جێندەریەکان ....... 15
- ئامانجی 6: بەهێزکردنی ڕۆڵی لاوان وەك لایەنی کارا لە کۆڕانکاریدا ....... 15
- ئامانجی 7: بەهێزکردنی بەهاکانی دیموکراتی و پارێزگاری لە کایەی کۆمەڵگەی مەدەنی ....... 16
- ئامانجی 8: بەرجەستەکردنی گێرانەوەی بەدیل لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ڕاگەیاندنی تەقلیدی ....... 17
- ئامانجی 9: هاندانی تەبەنی کردنی پلانی کاری لۆکاڵ، ئیقلیمی و نیشتمانی ....... 18
- ئامانجی 10: دامەزراندنی ڕوانگەیەك بۆ ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ ....... 18

# پێشەکی

1. لە کانونی دووەمی 2017، 320 نوێنەری 172 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزاڤی کۆمەڵایەتی لە 22 وڵاتی ئۆرۆ-ناوەڕاستی لە بەرشلۆنە کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆ دەربارەی ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ. کۆنفرانسی بەرشلۆنە: "بەرەو نمونەیەکی نوێ: ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ"، جەختی کردە سەر پلاندانان بۆ بەشداریەکی بنیاتنەرانەی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ لەبەر ڕۆشنایی ئەو وانانەی لە ساڵانی ڕابردووەوە فێربیووین لەگەڵ ئەو ئاڵنگاریانەی دێنە پێش.

2. "پلانی کاری کۆمەڵگەی مەدەنی ئۆڕۆ-ناوەڕاستی بۆ ڕێگرتن لە هەموو شێوازەکانی پەڕگیری توندوتیژ" لە خوارەوە، دەرەنجامە سەرەکیەکانی کۆنفرانسی بەرشلۆنە کۆدەکاتەوەو دەرفەتێکی ڕاستەقینە بۆ لایەنە کاراکانی کۆمەڵگەی ئۆڕۆ-ناوەڕاستی دەرەخسێنێ بۆ یەکگرتن و ڕێکخستنی کارەکانیان و شوێنکەوتنی پەیڕەوێکی گشتگیر دژ بە دابەشبوون و ڕەگەزپەرستی و ڕق و کینە. ئەم پلانی کارە هەوڵێکی بێ وێنەیە بۆ ئاشتبوونەوەی نێوان ڕوانینی کۆمەڵگەی مەدەنی هەردوو بەری باکورو باشوری دەریای ناوەڕاست. ئێمە پێمانوایە کە تەنیا هاوبەشیەکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەی نێونیشتمانی دەتوانێ یارمەتیمانبدات بۆ دامەزراندنی ڕێگایەکی کاریگەر بەرەو ڕێگرتن لە هەموو شێوەو شێوازەکانی پەڕگیری توندوتیژ.

3. ئێمە پێمانوایە کە پەڕگیرە توندوتیژەکان سووکایەتین بۆ بەهاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پابەند بە پارێزگاری لە ئاشتەوایی ئیجابی، بەهێزکردنی دیموکراتیە ڕاستەقینەکان، ئاسایشی مرۆیی، پەرەپێدانی بەردەوام و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. پەڕگیری توندوتیژ لە بەهای مرۆڤایەتیمان دادەشکێنێت لە تەواوی ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاستدا. بزاڤە پەڕگیرەکان کاردەکەن بۆ شێواندن و ئیستغلالکردنی بیروباوەڕە ئاینیەکان، جیاوازیە ئێتنیەکان و ئایدیۆلۆژیا سیاسیەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و ڕەفتاری دژ بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنچینەییەکان. ئەو جوڵانەوە ڕەگەزپەرستانەی کە ئایۆلۆژیا ڕەگەزپەرستانەکان و نەتەوەپەروەری توندڕەوو ڕاستڕەوی پەڕگیر بڵاودەکەنەوە گوڕو تین وەردەگرن و نوێنەرایەتی دامەزراوەیی وەدەستدەهێنن.

4. لە ماوەی ئەو چەند دە ساڵەی ڕابردوودا، حکومەتە ئۆرۆ-ناوەڕاستیەکانمان لە ڕووبەڕووی چارەسەری پەڕگیری توندوتیژ بوونەتەوە لە پێڤاژۆی ڕێکارەکانی دژە تیرۆر. ئێمە پێمانوایە کە ستراتیژە ئەمنیەکانی دژە تیرۆر بەتەنیا ناتوانێ بەر لە هەڵچوونە عاتیفی و کۆمەڵایەتیەکانی پەڕگیری توندوتیژ بگرێت، بەڵکو بۆیەهەیە کارەکان بەرەو خراپتر ببات. تێبینی ئەوەمان کردووە کە بە ناوی لەناوبردنی تیرۆر هێزێکی بەرفراوانی سەربازی و پشت بەستان بە ڕێکاری یاسایی داپڵۆسێن بەکارهاتوون، کە نەك تەنانەت تا ڕادەیەکی زۆر بێکاریگەریی بوون، بەڵکو بوونەتە بەرپرسیار لە پێشێلکاری تراژیدی مافەکانی مرۆڤ و مەینەتیە مرۆڤایەتیە ڕوو لە زیادبوونەکان لە جیهاندا. هەروەکو دڵەڕاوکێ لە ئاست بەرسڤەکان بۆتە هۆی تەبەنی کردنی کاردانەوەکان لە ڕووی ئاسایشی ناوخۆ، بەجۆرێك کە ئازادیە بنچینەییەکانمان و مافە مەدەنی و سیاسیەکانمان کۆت و بەندیان کەوتۆتە سەر، ئاگایی و بەها دیموکراتیەکان و دەستە جەمعیەکان بەهۆی ڕاگەیاندنی باری لەناکاوی گشتی سنوردار کراون.

5. پێویستە پەیڕەوێکی تازە دەستنیشانبکرێت، کە گشتگیرترو کاریگەرتربێت لە بەرامبەر سەرهەڵدانی پەڕگیری توندوتیژ. بەمدواییە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پلانێکی پێشکەشکرد بۆ گرتنەبەری ڕێکاری ڕێگری لە پەڕگیری توندوتیژ لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەان. پلانی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەوازی بۆ ئەوە دەکرد بۆیە ڕێکاری چڕی دەکرد بە پشتگیری هەوڵە نیشتمانی و هەرێمی و جیهانیەکان.

6. ئەم پلانی کارە ئامانجی ئەوەیە کە لەو نمونە تازەیەدا بەشداربێت بە دیاریکردنی پەیڕەوێکی گشتکیرترو بەرجەستەتر کە ستراتیژە سیستەماتیك و خۆپارێزیەکان دەستنیشان بکات کە ڕاستەوخۆ چارەسەری هۆکارو پاڵنەرەکانی پەڕگیری توندوتیژبکەن. ئامانجمان ئەوەیە کە ئایدیالزم، هیوا، داهێنان و وزەی گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بخەینەگەڕ لە تەواوی ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاست بۆ وەدیهێنانی بەدیلێکی کاریگەر بەرامبەر پەڕگیری توندوتیژ. دەبێ هەموومان ڕووبەڕووی پەڕگیری توندوتیژ ببینەوە. ئێمەش بۆ بەشداریکردن ئامادەین.

# II. ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگری لە پەڕگیری توندوتیژ

7. کۆمەڵگەی مەدەنی نوێنەری سەرچاوەیەکی بەکارنەهاتووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەڕگیری توندوتیژ. دەتوانین ڕوانینێکی ئیجابی و بێ توندوتیژی بۆ ئایندەمان پێکەوە پێشکەش بکەین کە بۆیەهەیە ببێتە پەیامێکی کاریگەری بەدیل بەرامبەر ئەو دەنگ و گروپانەی برەو بە توندوتیژی دەدەن. کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستی بە پاراستن و تواناپێدان هەیە بۆ پێشکەکشردنی بەشداریەکی بنیاتنەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەڕگیری توندوتیژ.

8. دەبێ هەموومان ڕێکەوین لەسەر ئەوەی کەوا کاتێك دەسەڵاتە ئەمنیەکان پێویستیان بە بەرسڤ دەبێت، ئەو لە ڕاستیدا ئێمە لە خواستمان بۆ بوونێکی ئاشتەوایانە فەشەلمان هێناوە. کاتێك دەوڵەت وەرامێك دەسەپێنی کە تەنیا پشت بە ڕێکاری ئەمنی دەبەستێت، بۆ فەشەل لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو فاکتەرانە دەگەڕێتەوە کە ڕێخۆشکەرن بۆ پەڕگیری و توندوتیژی. کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵگێڕی سەرەکیە کە شەرعیەت، هەستکردن بە تواناکان و، هێزگەلی توانادانی هەیە بە کۆمەڵگە بۆ خۆراگری بەرامبەر پەیامی پەڕگیری توندوتیژ.

9. ئێمە پەی بەوە دەبەین کە راگەیاندنە نێودەوڵەتیە جیاوازەکان لەسەر هەموو ئاستەکان رۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنیان بەرجەستە کردووە لە بەرسڤی گشتکیرو فرە رەهەند بۆ پەڕگیری توندوتیژ. ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیاری تەبەنی کردن ستراتیژی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی تیرۆر هانی وڵاتانی ئەندامی داوە بۆ " هاندانی زیاتری ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بدەن بۆ بەشداریکردن، بەپێی پێویست، لە چۆنیەتی بەهێزکردنی هەوڵەکانی پیادەکردنی ستراتیژەکە. "

10. لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا، یەکێتی ئەفریقیا، کۆنکاری عەرەبی، ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی یان یەکێتی ئەوروپا، لەنێو کارەکانی دیکەدا، بڕیاری ئەوە دراوە کە هاوبەشی پێکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دۆزینەوەی یەکلاکردنەوەی هاوبەشی کێشەکان گرنگی تایبەتی هەیە. لەپاڵ بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ و لێبوردەیی وەکو رەگەزی سەرەکی لە ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ. ئێمە دەزانین کە هەوڵە بەردەوامەکان بۆدەستپێشخەریە نیشتیمانی و هەرێمیە ئەوروپیەکان، باکوری ئەفریقیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و، هەروەها سیاسەت و ڕێکارو پلانە لۆکاڵیەکانی ئێستا لەگەڵ پرەنسیپەکانی ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ کۆکن.

11. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەڵوێستە باشانەی گوزارشیان لێکراوە ڕێوشوێنی واقیعیان بەدوادانەهاتووە بۆ بەهێزکردنی بەشداری کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕیگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ. لە واقیعدا، قەڵەقێکی روو لە زیادبوون لە ئارادایە لە بایەخپێدانی وڵاتان بە سنووردارکردنی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی. بە ناوی لەناوبردنی تیرۆر، حکومەتەکان ئازادیە سیاسیەکانیان کەمکردۆتەوەو ڕێوشوێنی کۆتو بەندیان سەپاندووە دژ بە داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە زۆر وڵاتاندا. بە شێوەیەکی سیستەماتیك وڵاتان ئاسایشی نەتەوەیی و سەلامەتی گشتی دەخەنە واری ئامادەباشیەوە بۆ کەمکردنەوەی بواری چالاکیە سەربەخۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. لە زۆر وڵاتاندا، ڕێکاری یاسایی و ڕێکخستنی تایبەت بەکارهێنراوە بۆ نەهێشتنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ئەو چالاکوانانەی داکۆکی لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەکەن و رەخنە لە سیاسەتەکانی حکومەت دەگرن. ئەو ڕێکارانە ئەستەم دەخاتە بەردەم لایەنە کاراکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە برەوپێدانی مافەکانی مرۆڤ و لێبووردەیی وەکو رەگەزی سەرەکی لە ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ. پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی پارێزگاری لێبکرێت ئەگەر بمانەوێت چارەسەری  ئەو بارودۆخانە بکەین کە دەبنە مایەی بڵاوبوونەوەی تیرۆر.

12. ئێمە پێمانوایە کە دامەزراندنی کۆمەڵگەی کراوە، گشتگیر، یەکگرتوو لە رووی کۆمەڵایەتی و فرەیی، لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی تەواو لە مافەکانی مرۆڤ و دەرفەتی ئابوری بۆ هەموان، بریتیە لە ئەلتەرناتیڤێکی رونترو واتادارتر بۆ پەڕگیری توندوتیژو ستراتیژێکی بەڵێندەر بۆئەوەی نەبێتە مایەی سەرنج. لامانوایە کە کۆمەڵگەی مەدەنی توانای چەسپاوی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی بەرفراوان و وەدیهێنانی خواستەکان لە خوارەوە بەرەو سەرەوە کە حوکمرانی بەرسفکار پتەوتر بکات.

# III. رۆڵگێڕەکان، چەمك و پێناسەکانی کار

13. ئێمە دان بەوە دادەنێین کە نەبوونی پێناسەیەکی پەسندکراو لەسەر ئاستی جیهان بۆ زاراوەکانی "توندڕەوی"، "پەڕگیری توندوتیژ"، "گوتاری رق" یان "تیرۆریزم" لە حکومەتەکان یان ناوەندە ئەکادیمیەکان، ئاڵنگاریەکە رووبەرووی هەموو ئەوانە دەبێتەوە کە دەیانەوێ ڕێکاری کارا دابنێن بۆ بەرانگژبوونەوەی توندوتیژی و ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ لە کۆمەڵگەکانماندا. نەبوونی پێناسەی روون دەبێتە مایەی دڵەڕاوکێ بە تایبەتی ئەو کاتەی کە ئامرازەکانی راگەیاندن رۆژانە ئەم زاراوانە بە کۆمەڵە شێوازێکی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن، کە دەبێتە هۆی سەپاندنی پێناسەی زاڵ کە بۆیەهەیە ناکۆك بن لەگەڵ نوڕم و ستاندەرە جیهانیەکانی مافەکانی مرۆڤ. ئەوەی زیاتریش مایەی بایەخپێدانە بریتیە لە توانای وڵات بۆ پۆلێنکردنی تاك و گروپەکان بە "تیرۆریست " یان"پەڕگیری توندوتیژ". بەڵگەی مێژوویی و هاوچەرخ هەیە لەسەر ئەوەی کاتێك کە وڵاتێك دیموکراتی و سەروەری یاسای تێدانیە، بۆیەهەیە تواناکانی دەوڵەت بەکاربێ بۆ پەڵەدارکردنی داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ و ناساندنیان وەکو تیرۆریست، دوژمنانی دەوڵەت یان دژبەرانی سیاسی. بە ئاگاداریمان لەم حاڵەتە، ئامانجی ئێمە بریتیە لە بەشداربوون لە پێشکەشکردنی پێناسەکان بۆ ئەو چەمکانە بە مەبەستی گەیشتن بە بناغە و پەیرەوێکی هاوبەش.

14. پلانی کاری ئێستا زاراوەی توندڕەوی بە هاوواتای تەلقین دادەنێ، کە بریتیە لە پرۆسەیەك لە ڕێگەیەوە تاکێك یان گروپێك یان وڵاتێك تەبەنی هزرو ئاواتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، یان ئاینی وا دەکات کە رەفزی رەوشی ئێستا دەکاتەوە. مەج نیە زاراوەی توندڕەوی (رادیکاڵی) دەلالەتێکی سلبی هەبێ. پرۆسە ئاشتیخوازە توندڕەوەکان وجودیان هەیەو ئەوانیش ئاواتیان هەیە کە رەوشی ئێستا رەتکەنەوە؛ کە ستەمە تاکەکسیەکان یان بە کۆمەڵەکان ئایدیۆلۆژیای روخێنەر هەڵدەگرن بۆ شەڕکرن لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دیموکراتی. دەبێ جیاوازی لەنێوان توندڕەوەکان بکرێت، ئەو خەڵکانەی ئایدیای توندڕەویان هەڵگرتووە، لەگەڵ ئەو توندڕەوانەی توندوتیژی پەیڕەو دەکەن و، ئەوانەش کە تەبەنی ئایدیۆلۆژیای پەڕگیری توندوتیژ دەکەن. چەندین راڕەوی جۆراوجۆر هەن کە پرۆسەی توندڕەوی پێکدەهێنن، بۆیەهەیە سەربەخۆبن بەڵام عادەتەن یەکتر بەهێزدەکەن. تەلقین، کە بە شێوەیەکی تایبەت لە ڕێگەی توندوتیژیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت هێشتا یەکێکە لە ترسناکترین جۆرو شێوازەکان.

15. ئێمە لە پەڕگیری توندوتیژ تێدەگەین وەکو ئایدیۆلۆژیا کە بە ئاواتی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی بەکارهێنانی شێوازەکانی توندوتیژی بۆ رازیکردن بەکاردەهێنێت. ئایدیۆلیژیا پەڕگیرە توندوتیژەکان، پشت دەبەستن بە بەهای گشتگیر، رەگەزپەرستانە، نالێبوردە، باوکسالار، دژە دیموکراتی و دژە فرەیی. ئایدیۆلیژیا پەڕگیرە توندوتیژەکان بۆیەهەیە لەلایەن تاکەکان، گروپەکان، کۆمپانیاکان یان وڵاتانەوە تەبەنی بکرێت.

ئامانجی ئێمە وایە کە تەواوی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی بانگەشە بۆ وەبەرهێنانی توندوتیژی پێکهاتەیی و کلتوری و ڕاستەوخۆ دەکەن بیخەینە نا وپێناسەکەمان بۆ پەڕگیری توندوتیژ. دەبێ ئەوە بخەینە روو کە هیچ کۆمەڵگەیەك بیروباوەڕێکی ئاینی یان جیهانبینیەك نیە کە دژ بە پەڕگیری توندوتیژ شوورەبەند کرابێت؛ پێناسەکە لە نێو شتی دیکەشدا ئەمانە دەگرێتەوە، بزاڤە ڕاست یان چەپەکان، بزاڤە ئیتنی ، نەتەوەیی، چینایەتی جێندەری یان ئوسولیە ئاینیەکان. ئێمە لەوە تێدەگەین کە توندوتیژی وەبەرهەمهاتوو لە ئایدیۆلۆژیا پەڕگیرە توندوتیژەکان لە هەموو رەهەندەکانیەوە: توندوتیژی ڕاستەوخۆ، کلتوری یان پەیکەری. کردە سەرەکیەکانی توندوتیژی کە جێبایەخی پلانی کارەکەیە بریتیە لە گوتاری رق و تاوانەکانی رق و تیرۆریزم و توندوتیژی پەیکەری.

16. ئێمە لەو گوتاری رقە تێدەگەین کە پاڵپشتی رق دەکات لەسەر بنچینەی رەگەزنامە، رەچەڵەك یان ئاین. گوتاری رق بریتیە لە ئەو گوتارەی هێرش دەکاتە سەر کەسێك یان گروپێك لەسەر بناغەی سیمای وەکو جێندەر، رەسەنی ئەتنی، رەچەڵەك، ئاین، پەککەوتەیی یان ئاراستەی سێکسی. دەبێ گوتاری سێکسی وەکو پرۆسەی تەلقین و پروپاگەندە هەژماربکرێن کە بزاڤە پەڕگیرە توندوتیژەکان ئەنجامیدەدەن بۆ پێدانی شەرعیەت بە ئایدیۆلۆژیا توندوتیژەکانیان. ئەمە مەترسیەکی تایبەتتر وەردەگرێ ئەگەر لەلایەن بەرپرسان و دەزگەکانی راگەیاندن برەوی پێدرا.

17. ئێمە لە تاوانەکانی رق تێدەگەین وەکو کردەی تاوانی پاڵنراو بە کینەو رق، ئەو کاتە دێتە ئارا کە تاوانکار قوربانیەك دەکاتە ئامانج بەهۆی ئینتیمای بۆ گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی : سێکس، ئیتنی، پەککەوتە، زمان، رەگەزنامە، ئاین یان ناسنامەی جێندەری.

18. ئێمە لە توندوتیژی پەیکەری تێدەگەین وەکو کرداری توندوتیژ کە لەلایەن دەزگاو دەوڵەتانەوە برەوی پێبدرێت کە تەبەنی ئایدیۆلۆژیای پەڕگیری توندوتیژ دەکەن و کۆت و بەند دەخەنە سەر کۆمەڵە خەڵکانێك بەرامبەر وەدیهێنانی ئەو جۆرە ژیانەی کە ئەگەر وانەبا دەهاتە ئارا. بۆیەهەیە ئەو سنووردارکردنە سیاسی، ئابووری، ئاینی، کلتوری یان یاسایی بێت. توندوتیژی پەیکەری توندوتیژیەکی ناسروشتی و مەرگ وەبەرهەمدێنێ لە ئەنجامی سترێس، شەرم، جیاکاری و شێواندنی کە لە رەوشێکی نزمتر یان نەمانی کەرامەتەوە سەرهەڵدەدەن.

19. ئێمە وەك مێتۆدێکی پراوپڕ لە دڵەڕاوکێ بۆ کردەی چەندبارەی توندوتیژی لە تیرۆر تێدەگەین، کەوا لەلایەن کەس، گروپ یان وڵاتانێك بە شێوازێکی نیمچە نهێنی بەکاردەبرێت، بە هۆکاری نالۆژیکی، تاوانکاری یان سایسی، کە بە پێچەوانەی غافڵکوژی – ئامانجی ڕاستەوخۆی توندوتیژی بریتی نیە لە ئامانجی سەرەکی. قوربانیە مرۆییەکانی توندوتیژی بە شێوەیەکی گشتی رەمەکیانە هەڵدەبژێردرێن (ئامانجەکانی دەرفەت) یان بە بژاردە (ئامانجی نوێنەر یان سیمبول) لە نێو دانیشتوانی بە ئامانجگیراوداو، وەکو پەیامگەر کاردەکەن. ئەم پێناسەیە ئەنجامی کاری شمیدت و جۆنگمان بوو لە کتێبی “Political Terrorism. A new guide to Actors, Authors, Concepts, Data Bases, Theories and Literature”, 1988.

# IV. کاریگەری پەڕگیری توندوتیژ لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاستیدا

20. پەڕگیری توندوتیژ هەوڵە دەستەجەمعیەکانمان لەپێناو پارێزگاریکردن لە ئاشتی و ئاسایشی مرۆیی، بەهێزکردنی پەرەپێدانی بەردەوام، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەهێزکردنی دیموکراتی و دادپەروەری، بەرسڤی قەیرانی مرۆیی و رەخساندنی گەیشتن بە خزمەتگوزاریە بنچینەییەکان لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاست لاوازدەکات .

21. زۆر ئایدیۆلۆژیای پەڕگیری توندوتیژ لە ناوچەکەدا هەن کە ئاستێکی ناوازەی تاوانەکانی رق، گوتاری رق، چالاکی تیرۆر و توندوتیژی پەیکەری لە ناوچەکەدا بەرهەمدێنێ. کەموکوڕی گشتی لە یەکانگیری کۆمەڵایەتی، نەبوونی متمانە بە حکومەتەکان و دەسەڵاتەکان، توندوتیژی سیاسی، بەردەوامی هەبوونی ستەمی کۆمەڵایەتی مەشروع و نامەشروعی چارەنەکراو، بۆتە مایەی هەڵگیرسانی توندوتیژی و جەمسەرگیری بۆ ئاستێك کە هاوشێوەی پێشینی نەبووە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەوە. بزاڤە پۆپۆلیستە پەڕگیرەکان، رەگەزپەرستی و ئیسلامۆفۆبیا بوونەتە پاڵنەری حکومەتەکان بەرەو نالێبوردەیی و رق. ئایدیۆلۆژیا پەڕگیرو توندوتیژەکان دەسەڵاتی سیاسی و رای گشتی رادیکاڵ وەدەستدێنن لە وڵاتانی جیاجیادا دژ بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان.

22. لەوەی پەیوەستە بە ئاشتی و ئاسایش، گروپە توندڕەوە پەڕگیرەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەشدارن لە رەورەوەی نەمانی ئاسایش و کێشەی چەکداری لە ناوچەکەدا. ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بە یەکێك لە ناوچە هەرە نائارامەکانی جیهان دەمێنێتەوە، بەهۆی ململانێ چەکداریە بەرپاکان کە بازرگانی چەك، دەوڵەتە فاشیلەکان، پلەو پایە سەربازیەکان، رژێمە دیکتاتۆریەکان و حکومەت داپڵۆسێنەکان برەوی پێدەدەن. دانیشتوانی سیڤیل رووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، سەقامگیری نیشتمانی و ئیقلیمی تا رادەیکی زۆر بنکۆڵ دەکات، توندگیری لە پەیوەندیەکان لەگەڵ تاوانی رێکخراوی نێونیشتمانی هەیە بەهۆی روو لە زیادبوونی داهاتە داراییەکانیانو، بەرهەمهێنانی قازانجی زۆر لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ. لەلایەکی دیکەوە، پێویستی پارێزگاریکردن لە هاوڵاتیان لە دەرەنجامەکانی کردارە مرۆییە بە نیازو بێ نیازەکان، سەرەڕای مەترسیە سروشتیەکان و فەشەلە تەکنیکیەکان، بۆتە سیمایەکی گرنگ لە گوتاری ئاسایشی ئەورووپی.

23. تێچووی ئابووری جیهانی بۆ لەناوبردنی تیرۆریزم زۆر زیاترە لە تێچووی تەرخانکراو بۆ ڕێگرتن لە ململانێکان، ئاشتیپارێزی و وەدیهێنانی ئاشتی. لە ڕێگەی بەرسڤدانەوەی ئەم هەڕەشەیە، پەڕگیری توندوتیژ بووە مایەی کاردانەوەی لە ڕادەبەدەر لەنێو وڵاتاندا، بە بیرکردنەوە لە کرداری پروپاگەندەی خۆیان بەکۆتادێ، سەرەڕای پێشێلکاریە سیستەماتیکەکانی مافی مرۆڤ و بێبەشکردن لە ئازادیە بنەڕەتیەکان. هەروەك دەبێتە مایەی دڵەڕاوکێ لە هەڵکشانی گوتاری ڕق، کە زۆربەی سیستەمە تۆتالیتارەکان ئەنجامیدەدەن، کاتێ کایەیەکی سیاسی وەدەستدێنن.

24. سەبارەت بە پێهکاتە جیاوازەکانی پەرەپێدانی بەردەوام، گرنگە سەرنج بدرێ کە پەڕگیری توندوتیژ تەنیا خەڵك لە ئازادیەکانیان بێبەش ناکا، بەڵکو فراوانبوونی تواناکانیشیان سنووردار‌دەکات. ئاڵنگاریەکانی ئێستای پەرەپێدان، وەکو نایەکسانی، هەژاری و حوکمڕانی خراپ، پەڕگیری توندوتیژ دەبێتە هۆی هەڵکشانی ئەو سکاڵایانە (وەکو نایەکسانی لە گەیشتن بە دادوەری)، هەروەها حەڵقەیەکی بۆش لە داڕوخان دەهێنێتە ئارا، کە بەشێوەیەکی تایبەت کاریگەری بەسەر گروپە پەراوێزخراوەکان دەبێت و بۆیەهیە کاریگەری بەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی هەبێت. لەکاتێکدا کە ناتوانرێت بسەلمێنرێت کە هەژاری پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە تیرۆریزم ئەوە ڕۆنە کەوا کاریگەری پەڕگیری توندوتیژ بەشێوەیەکی گەورەتر لە لایەن هاوڵاتیانی وڵاتانی گەشەسەندوو لەدایکبووە، تەنانەت ئەگەر تەجنیدکردن و توندوتیژی و پەڕگیری توندوتیژ لە وڵاتانی پێشکەوتووش هەبێت.

25. زۆربەی حکومەتەکانی ناوچەکە بڕە پارەی زۆر لە داهاتیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان و دەرەنجامەکانی پەڕگیری توندوتیژ تەرخاندەکەن، ئەو داهاتانەش لە چالاکیەکانی دیکە دەکێشنەوە. وەبەرهێنان لە ئاسایشی نیشتمانی و ئاسایشی بەرگری و ڕێکارە کارەکانیدیکەی دژ بە پەڕگیری توندوتیژ کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر چەندین وڵاتدا هەبووە، کە بودجەیان بەشێوەیەکی ناهەموار بۆ ئەو کەرتە تەرخانکراوە لەسەر حیسابی چالاکیە کۆمەڵایەتی – ئابوریەکانیدیکە. بەم ئاراستەیە چەمکی نەبوونی ئاسایش زیاددەکات.

26. گومان لە پێشێلکاری گەورەو سیستەماتیکی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن گروپە پەڕگیرە توندوتیژەکان لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاستدا نیە. کەوا لەنێوان مافی ژیان و، مافی ئازادی و ئاسایشی کەسی بۆ دەربرینی ڕای ئازاد، پێکهێنانی ڕێکخراوو، هزر ویژدان و بیرو باوەر هەڵبەزو دابەز دەکات. هەروەها ئەو گروپانە پێشێلی مافەکانی ژنان و کچانیش دەکات، لەوانەش لە ڕێگەی کۆیلەکردنی سێکسی، هاوسەرگیری بەزۆر و دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانیان لە خوێندن و بەشداریکردن لە ژیانی گشتی.

27. پیادەکردنی ڕێکارەکانی لەناوبردنی تیرۆر بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان کاریگەری یەکجار زیانبەخشی هەبوە بەسەر سودوەرگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. بە تاوان دانان یان قەدەغەکردنی هەڵسوکەوت یان سەپاندنی بەبێ پێناسەیەکی ڕوون لەگەڵ پرەنسیپی شەرعیەت تێکناکاتەوە، کە پرەنسیپەکی بنچینەییە لە دەسەڵاتی یاسا. ڕەنگە دەستپێشخەریەکانی دژ بە تیرۆر زیان بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەرەتیەکانی دانیشتوانی بە ئامانجگیراو بگەیەنێت، بنکۆڵی کاری داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ بکات، سەرەڕای ئازادی کۆمەڵگەی مەدەنی. چەندین حکومەتی ناوچەکە پێشوەختە بەرهەڵستە سیاسیەکان، ڕۆژنامە نوسان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ بە "پەڕگیر" یان "تیرۆریست" ناوزەد دەکات.

28. ئەوەش کە پەیوەستە بە کاری مرۆیی و گەیشتن بە خزمەتگوزاریە بنچینەییەکان، ڕەوشێك ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبێتەوە کە ژمارەی کۆچبەرانی بەزۆر و ئاوارەکانی ناوخۆ بەرزتر دەبێت لەوەی تۆمارکراوە، ئەمەش بارودۆخێکە کە پەڕگیری توندوتیژ تیایدا بەهۆکارێکی بەشداری گرنگ دادەندرێت. کەمتەرخەمی لە سیاسەتەکانی پەنابەری کە لە قەیرانی ئێستای کۆچبەران لە ئەوروپا پیادەکراوە ڕوو لە هەڵکشانە بەهۆی بژاردەی ئاسایشگەری سنورەکان وەك کاردانەوەیەکی سەرەکی دەوڵەت.

## ٧. پێڤاژۆو پاڵنەرەکانی پەڕگیری توندوتیژ

29. لەماوەی دە پازدە ساڵی ڕابردوو، هەوڵی یەکجار گەورەی لێکۆڵینەوەمان بینی سەبارەت بە پێڤاژۆو پاڵنەرەکانی پەڕگیری توندوتیژی لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاستدا. لەگەڵئەوەشدا، ئەم پلانی کارە پێیوایە کە سەرەڕای بوونی هەندێ لەو ئاراستە و شێوازانەی کە بۆیانهەیە بناسرێنەوە، تەنیا ژمارەیەك بواری کەم هەن کە بە شێوەیەکی چڕو پڕ ڕوانگە کرابن لە کاتێکدا کە هەندێکیدیکە داکشاون یان بەشێوەیەکی خراب لێکۆلینەوەیان تێداکراوە. لەلایەکەوە، تێبینی ژمارەیەك هەوڵی توێژینەوە کراوە کە جەختیان کردۆتە سەر تێگەیشتنی پێڤاژۆو پاڵنەرەکانی توندڕەوی تاکەکان و هەندێ کۆمەڵگەی دیاریکراو، لەکاتێکدا هەندێك ئەنجامدەری گریمانکراوی وەکو دەوڵەتەکان پشتگوێخراون. زۆربەی کات هەوڵەکانی لێکۆڵینەوە زیاتر ئامانجیان تێگەیشتنی جۆرێکی دیاریکراوی پەڕگیری توندوتیژە، وەك جیهادیەکان. ئەوانیدیکەش، وەکو ئەو پێڤاژۆ و پاڵنەرانەی کە ئاراستەیان بەرەو تەبەنی کردنی ئادیۆلۆژیای توندوتیژی ئیسلامۆفۆبیا یا ڕاستڕەوی پەڕگیرن زۆربەیجار پشتگوێخراون. ئێمە پێمانوایە کە ئەم ئاراستەیە پەیوەندی پڕ مەترسی نێوان پەڕگیری توندوتیژو ڕاڤەکردنە تایبەتەکان بۆ ئیسلام پتەو دەکات، کە وای بۆدەچین ئەوە هەڵەیەکی ترسناکە کە ڕەنگە تەنانەت پەڕگیری توندوتیژ بەهێز بکات. لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویستە لەسەر هەردوو ئاستی جۆرایەتی و چەندایەتی، لەسەر تێکرایی تاوانکاران و تەواوی ئەو پەڕگیریە توندوتیژەی لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاستدا هەن.

30. توێژینەوە جۆرایەتیەکان، کە لە بنچینەدا پشت بە چاوپێکەوتنی ئەکادیمیەکان، دەزگاکان، قوربانیەکان، ئەنجامدەران و مومارەسەکاران دەبەستن لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاستدا، ئاماژە بەوە دەکەن کە دەشێ دوو جۆری سەرەکی لە فاکتەرە پاڵنەرەکان جیابکرێنەوە: "فاکتەرەکانی پاڵنان"، یان ئەو بارودۆخانەی دەبنە هۆی پەڕگیری توندوتیژ، پێڤاژۆی پەیکەری کە لێیەوە سەرهەڵدەدا لەگەڵ سەرچاوە ئابوریەکان و؛ "فاکتەرەکانی ڕاکێشان"، یان ئەو پاڵنەرو پرۆسانەی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە گۆرینی هزر و ستەمەکان بۆ کردەی پەڕگیری توندوتیژ.

## A. ئەو بارودۆخ و پێڤاژۆ پەیکەریانەی دەبنە مایەی پەڕگیری توندوتیژ

31. هیچ شتێك بۆی نیە ببێتە بیانوو بۆ پەڕگیری توندوتیژ بەڵام دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە لە بۆشاییەوە پەیدا نابێ. بەڵگە چۆنایەتیە بەردەستەکان ئاماژە بە بوونی پاڵنەری دیاریکراوی دووبارە دەدەن، کە لە نێو ژمارەیەکی بەرفراوانی وڵاتانی ئۆرۆ-ناوەڕاستی بەربڵاوە هەندێجار بە تەنیاو جارجاریش لەگەڵ فاکتەریدیکە دەبنە هۆی توندوتیژی و پەڕگیری توندوتیژ.

### کەمی دەرفەتە کۆمەڵایەتی ئابوریەکان

32. لە ساڵانی رابردوو، قەیرانی ئابوری وا کە هاوشێویان نەبووە کاریگەریان بەسەر ناوچەی ئۆرۆ-ناوەراستدا هەبووە بەرەو ئاستی نزم و سلبیات لە گەشە سەندن. سیاسەتە نیولیبیرالە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان کە لەلایەن حکومەتە ئیقلیمیەکانەوە جێبەجێکرا بە مەبەستی بەرسڤدانەوەی قەیرانی ئابووری ئاستی سەرئاسای نایەکسانی لە لێوارەکانی دەریای سپی ناوەراست لێوە هاتە ئارا، کە بەهۆی فەشەلی گشتی لە دابینکردنی کاری شیاو بۆ لاوەکانیان و، سنوردانان بۆ هەژاری و بێکاری، نەهێشتنی گەندەڵی، چاودێری و ئیستغلالی سەرچاوە سروشتیەکان و بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکان لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان بە شێوازێکی کوك لەگەڵ پابەندبونیان لە بواری مافەکانی مرۆڤ روو لە هەڵکشانە. ئەو وڵاتانەی ئاستی نایەکسانیان تێدا بەرزە زیاتر دەکەونە بەر پەڕگیری توندوتیژو ژمارەی رووداوی پەیوەست بە پەڕگیری توندوتیژیان تێدا زیاتر بەرچاو دەکەوێت. بۆیەهەیە هاوڵاتیان سەرنج بدەنە ئەنجامی لاوازی گەشەسەندن وەکو دووپاتبوونەوە بۆ نەمانی شەرعیەتی حکومەت، کە وادەکاتدامەزراوەکانی دەوڵەت کاریگەریان کەمتربێت لە بەرسڤدانەوەی پەڕگیری توندوتیژ کاتێك کە سەر هەڵدەدات.

33. هەبوونی ئاستێکی بەرز لە نایەکسانیەکان بۆتە هۆی دابەزینی ئاستەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و لەبەینچوونی دەرفەتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوریەکان و دادوەری جێندەری کە بەشێوەیەکی تایبەت کاریگەری دەبێت بۆ سەر چین وتوێژە کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵگە چینایەتیەکان. نەبوونی هەلی گەیشتن بە دەرفەتە تایبەتەکانی هەندێ توێژی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، یان کۆمەڵگەی کلتوری دیاریکراو، دابران دێنێتە ئارا، لەپاڵ دوورخستنەوەی خەڵك لە لایەنەکانی هاوڵاتیبوونیان و، دەبێتە خاکێکی بەپیت بۆ بانگەشەی ڕێکخراوە پەڕگیرە توندوتیژەکان. لایەنە رۆڵگێرو کاراکانی سەر بە دەوڵەت دەدات هانی ئەو دینامیکیەتە دەدەن، هەروەك لە بنیاتنانی گیتۆکان لە زۆر وڵاتانی ئەوروپی دێتە بەرچاو. لەوەش زیاتر، رۆڵی دیاریکراوی دەزگاکانی راگەیاندن کە هەموو ئەنجامدەرانی پەڕگیری توندرەو بەکاریان دێنن دەبێتە مایەی زیادبوونی ترس و توقین لەناو دانیشتواندا.

34. نەبوونی دەرفەتی کۆمەڵایەتی ئابووری و کلتوری کە توانای خۆراگری کۆمەڵگەکانمان هەڵدەپێچێتەوە بەرامبەر پروپاگەندەی پەڕگیری توندوتیژو بێمتمانەیی لە ئاست دامەزراوە حکومیەکانی دەوڵەت زیاددەکات. کەمبوونی بەردەوامی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەتین لەنێوان حوکمڕانان و بەرحوکمەکان ئەلتەرناتیڤی پەڕگیر گەشەپێدەدات.

35. نەبوونی دەرفەتی کار بە گشتی، بە تایبەتیش کاتێك کاریگەری بۆ سەر ناوچەیەکی دیاریکراو دەبێ، بۆیەهەیە ڕێکخراوە پەڕگیرە توندوتیژەکان بکاتە سەرچاوەیەکی جێ سەرنجی داهات.

36. زیاتر وا پێدەچێ کە پەڕگیری لەو وڵاتانەدا بێتە ئارا کە کێشەی لاوازی ئەدای کۆمەڵایەتی ئابووریان هەبێت، وەکو دەرفەتەکان بۆ لاوان و نەبوونی متمانە بە سیستەمی هەڵبژاردن.

### پەراوێزخستن و جیاکاری

37. هیچ وڵاتێکی ئۆرۆ-ناوەڕاست هاوکوك نیە. گرنگە کە ئەوە دووپاتبکەینەوە کە خودی جۆراوجۆری نابێتە مایەی دووچاربوونی وڵات بە پەڕگیری توندوتیژ یان زیادبوونی. گرفتەکە لەگەڵ نا یەکسانی لە وەدەستهێنانی دەرفەتەکان زیاد دەکات. ئەو قەیرانەش نەبوونی ئاسایشی بەرەو هەڵکشان بردووە، چونکە کەمی سەرچاوەو ترسان لە پێویست بوون کێبەرکێی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە لەسەر دروستی نێو ئەو کۆمەڵگەیانەی لەوپەڕی پەراوێزخستن و جیاکاریدان. ئەو کێبەرکێیە دەبێتە هۆی هەڵکشانی ئاستی توندوتیژی پەیکەری و دژ بە کۆمەڵگەو توێژی کۆمەڵایەتی دیاریکراو. کاتێك گروپێك، قورساییە دیمۆگرافیەکەی هەرچەند بێت، قۆرخکردن لە کەرتی سیاسی و ئابوریدا دەگرێتەبەر لەسەر حسابی گروپەکانی دیکە، ئەگەری روودانی پەشێوی لەنێو تایفەکاندا، نایەکسانی جێندەری، پەراوێزخستن، دابران و جیاکاری روو لە زیادبوون دەکات، هەروەکو لە میانەی کۆتوبەندی گەیشتن بە خزمەتگوزاریە گشتیەکان و کار، دەرفەتەکان و ئاستەنگەکانی پەرەپێدانی ئیقلیمی و ئازادی ئاینی گوزارشی لێکراوە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی، بۆیەهەیە ئەوانە هانبدا کە هەست بە بێبەشبوون دەکەن بۆ ئەوەی پەڕگیری توندوتیژ وەکو ئامرازێك بۆ پێشڤەبردنی ئامانجەکانیان بگرنە باوەش.

## تیرۆری سیاسی، پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا

38. پەڕگیری توندوتیژ مەیلی گەشەپێدانی هەیە لە ژینگەیەکی تەژی بە تیرۆری سیاسی. کاتێك خراپی حوکمڕانی و سیاسەتەکان لەگەڵ کردارە داپڵۆسێنەکان کۆدەبنەوە کە پێشێلی مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا دەکەن، ئەوا باڵکێشی پەڕگیری توندوتیژ بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت. پێشکاریەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە بە ناوی ئاسایشی دەوڵەتەوە جێبەجێدەکرێت بۆیەهیە پەڕگیری توندوتیژ ئاسان بکات لە ڕێگەی پەراوێزخستنی کەسەکان و دوورخستنەوەی پشتگیرە سەرەکیەکان، بەمجۆرەش بەرهەمهێنانی پشتگیری کۆمەڵگە و سۆزداری بۆیان و کودەتاسازی لە رەفتاری پەڕگیرە توندوتیژەکان. هەر وەك پەڕگیرە توندوتیژەکان زۆر چالاکانە هەوڵدەدەن بۆ ئیستغلالکردنی داپۆسێنکاری دەوڵەت و ستەمکاریەکانی دیکە لە تێکۆشانیان دژ بە دەوڵەت. بەوجۆرەش، ئەو حکومەتانە بەرسڤی ئەمنی داپڵۆسێن و زەبروەشێن پێشاندەدەن لە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و سەروەی یاسا، وەکو لاخستنی بەشێك لە دانیشتووان، تەبەنیکردنی تەکنیکەکانی چاودێری خۆتێهەڵقورتێن، بەرفراوانکردنی باری ناکاوی ڕاگەیەندراو، بەرەو ئەوە دەچن کە پەڕگیری توندوتیژی پتریان لێوە سەرهەڵبدا.
39. نەبوونی هەوڵی تەواوی دەوڵەت بۆ دانپێدانانەوەی پێشکەوتووی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان (ملکەچنەبوون بە پابەندیە نێودەوڵەتیەکان)، کە ئەمەش بەهۆی جیاکاری بەرامبەر گروپی ئیتنی ، جێندەری، ئاینی و زمان و هیدیکە پەرە دەستێنێ، لەپاڵ غیاب یان کەمکردنەوەی فەزای دیموکراسی، بۆیەهیە دەرفەت بڕەخسێنێ بۆ ئیستغلالکردن لەلایەن پەڕگیرە توندوتیژەکان. دامودەزگاکانی دەوڵەتیش کە پابەندیە نێودەوڵەتیەکانیان بەجێناگەیەنن لە ئاست ئەو مافانە بە شێوەیەکی شیاو بۆیەهیە ببێتە هۆی نەك تەنیا فراژیکردنی ستەمکاریەکان و بنکۆڵکردنی کاریگەریە تایبەتەکانیان، بەڵکو بنکۆڵکردنی عورفە کۆمەڵایەتەکان و یەکانگیری کۆمەڵایەتیش.
40. پێویستە بایەخی زیاتر بدرێت بە دانانی ستراتیژەکان و بەرنامەی کارا لە واری یەکسانی جێندەری و مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەوانەی کە بە تاوانی پەیوەست بە تیرۆرەوە تاوانبارکراون، سەرەڕای گەڕاندنەوەی جەنگاوەرە تیرۆریستە بیانیەکان.

## ململانێ درێژخایەن و چارەنەکراوەکان. نەبوونی بڕیار و نەبوونی گۆڕانکاری لە ململانێ پەیکەریەکان

41. ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاست یەکێکە لەو ناوچانەی جیهان کە ململانێ و کێشەی درێژخایەن و بێ چارەسەریان تێدایە. نەبوونی پابەندبوونی نێودەوڵەتی و نیشتمانی بۆتە هۆی بارودۆخی درێژخایەن لەپاڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی ئاوارەو پەنابەران و، تەواوی دانیشتووان لەژێر داگیرکاری سەربازیدا دەژین یان لە حالەتی شەڕی بەردەوامدان بۆ ساڵانێکی دورودرێژ، نەك تەنیا بەهۆی مەینەتی و نەبوونی حکومڕانی کە لە خودی ململانێکەوە سەریهەڵداوە، بەڵکو بە هۆی ئەوەش کە ململانێکان ڕێ بە گروپە پەڕگیرە توندوتیژەکان دەدەن بۆ ئیستغلالکردنی ستەمکاریە رەگداکوتیوەکان لە پێناو کۆکردنەوەی پشتگیری، دەستگرتن بەسەر زەوی وزارو سەرچاوەکان و کۆنترۆڵکردنی دانیشتووان. دەبێ ڕێوشوێنی خێرا بگیرێتەبەر بۆ چارەسەری ململانێکان. چارەسەری ئەو کێشانە دەبێتە هۆی سنووردانان تا رادەیەکی زۆر بۆ کاریگەری گێڕانەوە تەمومژاویەکانی گروپە پەڕگیرە توندوتیژەکان. کاتێك خۆپارێزی شکست دێنێ، باشترین ستراتیژی ئێمە چارەسەری سیاسی گشتگیرو لێپرسینەوە دەخوازێ بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتیەکی بەردەوام و چارەسەرکردنی پەڕگیری توندوتیژ.

## تەلقین لە زیندانەکاندا

42. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە مامەڵەی خراپ لە زیندانەکان بۆیەهیە ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێ لە چوونەرێزی زۆر لەو کەسانەی کە پەیوەندیان بە گروپە پەڕگیرەکان و ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کردووە. ئێمە دەزانین کە چەندین دەسپێشخەری جێبەجێکراون بۆ ڕێگرتن لە توندڕەوی لە زیندان و گرتووخانەکان، لە کاتێکدا کە پێشوازی لەو هەوڵانە دەکەین، زۆر گرنگە جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەوەی کە هەوڵە سەرەکیەکان دەبێ بەرەو باشترکردنی رەوشی زیندان و نەهێشتنی رەفتاری نامرۆڤانە لەگەڵ زیندانیەکان بڕۆن. پێویستە زامن هەبێت بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای پەڕگیر بۆ زیندانیەکانی تر لەگەڵ دەستگرتن بە پارێزگاریلێکردنی بەخشراو بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەو کەسانەی کە لە ئازادیەکانیان بێبەشکراون، لەوانەش ڕێزگرتن لە ستاندەرە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بە زیندانیکردنی تاکەکەسی.

# B. پرۆسەکانی تەلقین

43. هەرچەندە هۆکارەکانی پەڕگیری توندوتیژ کاریگەریان بەسەر تەواوی دانیشتوان دەبێت، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان تەلقین دەدرێن و دەبنە توندڕەو، پاڵنەرە کەسیە ئاڵۆزەکان و لایەنی مرۆیی ڕۆڵی بنچینەیی دەبینن لە سوودوەرگرتن لەو رەوشانەو گۆڕینی ئایدیایەکان و سکاڵاکان بۆ کردەی توندوتیژ.

44. ئەو رەوشانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراو پێڤاژۆی پەیکەری باسکراو دەبنە مایەی وەبەرهاتنی دابڕان و دوورکەوتنەوە لەنێو هاوڵاتیان و، بەمجۆرەش دەبنە خاکێکی بەپێت بۆ ڕێکخراوە پەڕگیرە توندوتیژەکان. دەبێ پێڤاژۆیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت جۆرێك لە جۆرەکانی ڕێخستن و ئاراستەکردن دەستەبەربکات بۆ بەرهەمهێنانی پرۆسەکانی تەلقین.

45. زۆرجاران پێڤاژۆی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دەستێوەردانی بانگەشەوە دیاریدەکرێت، هەروەك بۆیەهیە گوتاری ڕق لەلایەن دەوڵەت و سەرکردە کاریزماییەکان، بزاڤە سیاسیەکان و لە ڕێگەی تۆڕە خێزانی و کۆمەڵایەتیە نافەرمیەکانەوە برەویان پێبدرێت. لەکاتێکدا کە چوونە ریزی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان بۆیەهیە زەحمەتبێت بێ ناسینی ئەندامێك، زۆرجار ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕێکخراوانەی لە گۆڕەپانی گشتیدا پەرە بە

ئایدیای پەرگیری توندوتیژ دەدەن بێبایەخە. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و، تەنانەت دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ئاشکرا پشتگیری بانگەشەی پەرگیری توندوتیژ دەکەن لە ڕێگەی ستراتیژەکانی گوتاری رقەوە.

46. ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی مەترسی خستنە ریزی پەرگیری توندوتیژ دەبنەوە زۆرجار هەست بەوە دەکەن کە بە ڕێگەی ئاشتیخوازانە توانای یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان نیە و قبوڵکردنی جۆراوجۆری بەزەحمەت دەبینن (بەهۆی کلتوری توندوتیژی و ڕەگەزپەرستی)؛ ئەزموونی – یان ترسی – بەدرەفتاریان هەیە لەلایەن دامەزراوەکان لە کۆمەڵگەدا کە مۆنۆپۆلی توندوتیژی و دەسگیرکردنیان کردوە؛ ئەوان نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی هەندێك گروپی دیاریکراو دەبینن کە ئەوانیش سوود لە دەربازبوون لە سزاکان وەردەگرن؛ هەروەك ئەزموونی کەمی دەرفەتەکانیان هەیە لە بواری خوێندن، بەڕێوەچوون و داهات. هەموو ئەو تاکانەی ڕووبەڕووی ئەو ستەمکاریانە دەبنەوە توندوتیژی لە ئامێز ناگرن. لەگەڵئەوەشدا، کۆکردنەوەی نێوان بارستایی ئەو ستەمکاریانە، شان بە شانی ئەزموونی کەسی و کاریگەری گێڕانەوەکانی پەرگیری توندوتیژ بۆیەهیە تاکەکان بەرەو لەباوەش گرتنی توندوتیژی وەکو ئامرازێکی مەشروع بۆ دادوەری پاڵبنێ یان پەلکێش بکات.

47. رەنگە لاوان ئەزمونی قەیرانی ناسنامە و بەرپرسیارێتی واتایان هەبێت کە دەرەنجامی ئێجابیان لێ نەکەوێتەوە، دوورخستنەوە یان دابڕان لە پرۆسە و دامودەزگا تەقلیدیەکانی بڕیاردروستکردن و، جیاوازی زەقی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە دامەزران، داهات، نیشتەجێ بوون و دەستکەوتنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیە بنەڕەتیەکان. توندوتیژی لاوان بۆیەهیە، زۆر جاریش هەر وادەکەوێتەوە کە ببێتە هێزێکی یەکلاکەرەوە بۆ گۆڕانکاری بەرەو کۆمەڵایەتی پێشڤەچوو. توندوتیژی (وەکو دیاردەیەکی گەنجانە) دەربارەی گەڕان بەدوای ناسنامە و ئینتماو دانپیانانە.

# VI. پلانی کار

48. ئامانج لەو پلانی کارە بریتیە لە دانانی ئەجێندای کۆمەڵگەی مەدەنی ئۆرۆ-ناوەڕاستی بۆ کارکردن لە پێناو ڕێگرتن لە پەرگیری توندوتیژ. لەکاتێکدا کە ئێمە لەوە تێدەگەین کە دەبێ هێزەکانی ئاسایش ڕۆڵێکی هاوسەنگیان هەبێت لە قەڵاچۆکردنی پەرگیری توندوتیژ، ئەم پلانی کارە دەخوازێ گوزارش لەوە بکات کە ڕۆڵی هێزە سەربازی و ئەمنیەکان لەرێگرتن لە پەرگیری توندوتیژ بۆیەهیە ئەنجامی یەکجار پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە، هەروەك وەدیهێنانی هاوسەنگی لە هەوڵەکانی ئێستای بەرانگژبوونەوەی تیرۆریزم ڕۆڵێکی سەرەکی و پەیوەست بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەبەخشێت. دەبێ ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی قبولبکرێت و، ئەو ڕۆڵە هێزو پەرەی پێبدرێت و، دەبێ بپارێزرێت، دەبێ دارایی بۆ دابین بکرێت و دەبێ هانبدرێت.

49. ئێمە مکورین لەسەر برەوپێدانی بەرنامەی کار وەکو کردارێکی شیاوو و دوور مەودا هاوشێوەی خودی دیاردەکان. ئێمە دان بەوە دادەنێین کە رەهەندە هەرێمی و نێونیشتمانیەکانمان کە لەسەر هاوپشکی ڕاستەقینەو ڕاستگۆ ڕاوەستاوە، یەکێکە لە بەها سەرەکیە سەربارەکانمان بۆ پێشکەشکردنی بەشداریەکی گونجاو لە کۆمەڵگەکانماندا. لەبەرئەوەی پەرگیری توندوتیژ ڕیز لە سنورەکان ناگرێت، ئەوا پێویستە کاری نیشتمانی و جیهانیمان لەرێی بەهێزکردنی هاوکاری هەرێمایەتیەوە تەواو بکەین.

50. ئێمە دەمانەوێ پەیامی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەهێز بکەین کە بانگەواز دەکات بۆ تەبەنی کردنی پلانی کاری نیشتمانی لەپێناو ڕێگرتن لە پەرگیری توندوتیژ. دەبێ هەوڵە نیشتمانیەکان پرۆسەی هاوبەش بگرێتە خۆ کە دەنگێکی سەرەکی و دروست بدا بە ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەو 92 پێشنیازە ڕێکاریانەی خوارەوە، پێویستە وەکو بەشداریەکی ئیقلیمی بۆ کۆك کردنی هەوڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێگەیشتنی بۆ بکرێت لە تەواوی هەرێمەکەدا لەکاتی بەشداربوون لە تەبەنی کردنی پلانی کاری نیشتمانی.

## ئامانجی 1: چاودێریکردنی پاڵنەرەکان و کاریگەری هەموو جۆرەکانی پەرگیری توندوتیژ

51. بەهێزکردنی سیستەمەکانی چاودێریکردنی هەموو فۆرمەکانی پەرگیری توندوتیژ لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاستدا، لەگەڵ جەختکردنی زیاتر بۆ سەر گوتاری رق لە مێدیا تەقلیدیەکان و دەسەڵاتەکاندا.

52. چاودێری و ئەنجامدانی پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە بۆ هەموو یاساکان، سیاسەتەکان، ستراتیژەکان و پراکتیسە نیشتمانیەکان بە ئامانجی ڕێگرتن لە پەرگیری توندوتیژ و قەڵاچۆکردنی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەسەر بنچینەیەکی پتەوی یاسای مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا هاتوونەتە بنیاتنان.

53. پتەوکردنی ڕێککەوتنەکان لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمیەکان و بنکەکانی توێژینەوە بۆ هاندانی توێژینەوەی رەخنەیی سەبارەت بە هاندەرو هۆکارەکانی هەموو پەرگیریەکی توندوتیژ.

54. هاریکاری و بەهێزکردنی دەستپێشخەریە ئاراستەکراوەکان بۆ کۆکردنەوەی داتاکان سەبارەت بە جیاکاری، تاوانەکانی رق، گوتاری رق، توندوتیژی پەیکەری وکلتوری و تیرۆریزم.

55. چاودێریکردنی ئەنجامدەران و پەرەسەندنی گوتاری رق لە سۆشیەڵ میدیا لە رێگەی دانانی ئامرازی گەورە بۆ شیکردنەوەو چاودێریکردنی داتاکان.

56. پەرەپێدانی سیستەمەکانی چاودێری بۆ دەستنیشانکردنی پراکتیسە باشەکان و ئەو وانانەی لە دەمی رێگری لە پەڕگیری توندوتیژ دەفامرێنەوە. زامنکردنی بوونی سیستەمێك بۆ هەواڵگەیاندن بە لایەنە کارا سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەموو ناوچەکە سەبارەت بە وانە سەرەکیە سوودلێوەرگیراوەکان.

57. گەڕان و لێبوردنخوازی بۆ دۆزینەوەی دەرفەتەکان بۆ هێنانە ئارای میکانیزمی ئاگادارکردنەوەو بەرسڤی خێرا (EWER) بۆ پێشگیری لە توندوتیژی سەرەڕای میکانیزمی بەدیل بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، وەگو دیالۆگ، دانوستان، ئاشتکردنەوە، ناوبژی و دادوەری پێکهاتنەوە، بۆ چارەسەری کێشەو وەدیهێنانی ئاشتی بەردەوام.

## ئامانجی 2: بەهێزکردنی فێرکردن و بەرگەگری لەسەر ئاستی لۆکەڵ

58. دانانی ستراتیژی بەشداریکردن بۆ رێگرتن لە دەرکەوتنی پەڕگیری توندوتیژ، پاراستنی دانیشتوان لە خستنە ریزو لە هەڕەشەی پەڕگیرە توندوتیژەکان و، پشتگیری لە رێکارەکانی بنیاتنانی متمانە لەسەر ئاستی ناوخۆ لە رێگەی دابینکردنی سەکۆی شیاو بۆ دیالۆگ و دەستنیشانکردنی زووی ستەمکاری و سکاڵاکان.

59. بەهێزکردنی توانا نێوخۆییەکان بۆ رێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ و بەرگەگری کۆمەڵگەکان بەرامبەر پەڕگیری توندوتیژ. بە دیاریکردن، بەڕێوەبردن و تواناداان بە پێداویستیەکانی هاوبەشانی ناوخۆ بۆ رێگری لە پەڕگیری توندوتیژ، دەبێ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە مەبەستی تێگەیشتن پێڤاژۆ ناوخۆییەکان شیبکەنەوەو، پرۆسەی بنیاتنانی متمانە جێبەجێبکەن لەگەڵ هاوبەشان و پەرە بە توانای پەیکەرە ناوخۆییەکان بدەن.

60. بەرزکردنەوەی هۆشیاری لە دەزگا پەروەردەیی، کلتوری و ئاینیەکان سەبارەت بە رۆڵی سلبی تیرۆریستان و پشتیوانانیان، ئەگەر پێویست بێ، لە پاڵ رێکاری تایبەت دژ بە هەموو شێوازەکانی نالێبوردەیی و جیاکاری لەسەر بنچینەی ئاین و بیروباوەڕ.

61. بەشداریپێکردنی سەرکردە لۆکەڵەکان بۆ فەراهەمکردنی سەکۆیەك بۆ گفتوگۆو دیالۆگ لەناو و لەنێوان ئەو کۆمەڵگەیانەی هاندەرن بۆ لێبوردەیی و لێکتێگەیشتنی دانیشتوان و، دەنگی ناڕەزایی دەردەبڕن بۆ رەتکردنەوەی راڕەوی توندڕەو بە جەختکردنە سەر بەها ئاشتیخوازو مرۆییەکان کە لە بیروباوەڕیان رەگی داکوتاوە.

62. نەخشەڕێژی و جێبەجێکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگاکان سەبارەت بە دیاردە جۆراوجۆرەکانی پەڕگیری توندوتیژو شوێنەوارە سلبیەکانیان.

63. برەودان بە مەدایەکی ئازدا بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، کە بەرتەسککردنەوەی بواری را دەربڕین و شەرمەزار بکات لەو ترسەی کە وەك هەڕەشەی ئەمنی یان "پەڕگیر" پۆلێنبکرێن.

64. بەهێزکردنی تۆڕەکانی قەڵاچۆکردنی بانگەشەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی رق و دەمارگیری و پتەوکردنی بەرگەگری ناوخۆ بە رووی پەیامی پەڕگیری توندوتیژ.

65. بووژاندنەوەی پەروەردەو فێرکردن بەجۆراوجۆری و گشتگیرکردنی بەهاو زەمینە هاوبەشەکان بۆ یەکانگیری کۆمەڵایەتی.

66. نەخشەڕێژی و جێبەجێکردنی مەشق و راهێنان بۆ ئەو پارێزەرانەی مامەڵە لەگەڵ قوربانیانی پەڕگیری توندوتیژ دەکەن.

67. نەخشەڕێژی و جێبەجێکردنی مەشق و راهێنان بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی زانیاری دەبەخشن لەسەر بزاڤەکانی پەڕگیری توندوتیژو کاریگەریەکانیان.

68. رەخساندنی راهێنان لە بوارەکانی مافی مرۆڤ بۆ هێزەکانی ئاسایش، دەزگاکانی سەپاندنی یاسا و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەرپاکردنی دادوەری لەوەی کە پەیوەستە بە رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە پێڤاژۆی ئەو رێکارانەی بۆ رێگری لە پەڕگیری توندوتیژ دەگیرێنەبەر بە هەموو لایەنەکانیەوە.

69. هاندانی تاکەکان بۆ جێهێشتنی گروپە پەڕگیرەکان بە دانانی بەرنامەی وا کە ئەولەویەت بدا بە دەستەبەرکردنی دەرفەتەکانی فێرکردن و ئابووری بۆ ئەوانە، بەپێی پێداویستیەکانی دانیشتوانی سیڤیل لە چوارچێوەی بەرفراوانتردا.

## ئامانجی 3: بەهێزکردنی بەرپرسیارێتی لە پاراستنی قوربانیان

70. بەهێزکردنی چوارچێوەیەکی تەواو بۆ رووبەرووبونەوەی پەڕگیری توندوتیژ بەهەموو ئامرازە ئاشتیخوازو نا توندوتیژەکان. رێگرتن لە هەموو جۆرەکانی پەڕگیری توندوتیژ پێویستی بە رێگرتن لە سەرهەڵدانی ململانێکان و چارەسەرکردنیان هەیە، لەگەڵ پەرەپێدانی گشتگیرو، رێزگرتن لە ستاندەرەکانی مافی مرۆڤ و چاکسازی دیموکراتی.

71. پشتگیری و تواناپێدانی قوربانیەکانی پەڕگیری توندوتیژ لەرێگەی راهێنانی یاسایی و هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە مافەکانیان.

72. پشتگیری و گشتگیرکردنی پەیامی قوربانیانی تاوانەکانی رق و وتاری رق کە برەو دەدات بە پەیامی لێبوردەیی و لێکتێگەیشتن. بۆیەهەیە قوربانیان ببنە ئەکتەری سەرەکی گۆڕانکاری.

73. بەهێزکردنی بەکارهێنانی ستراتیژی پەنا بردنە بەر دادگا وەکو ئامرازێکی پاراستن زامنکردن دژ بە جیاکاری، گوتاری رق، تاوانەکانی رق، تیرۆریزم و توندوتیژی پەیکەری.

74. زامنکردن و بەرنامە ئاراستەکراوەکان بۆ پاراستنی پارێزراوان وەکو رۆڵگێری سەرەکی لە گورانکاریە پێویستە کۆمەڵایەتیەکان بۆ رێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ.

75. پێشکەشکردنی پشتگیری پزیشکی و دەروونی و یاسایی لەو کۆمەڵگەیانەی کە پەناگە بۆ قوربانیانی پەڕگیرە توندوتیژەکان دەستەبەر دەکەن، لەوانەش قوربانیانی تاوانی سێکسی و جێندەری.

## ئامانجی 4: زامنکردنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە یاساکانی دژە تیرۆر

76. چاودێری و هەڵێنجانی هەموو سیاسەتەکان بۆ رووبەرووبوونەوەی پەڕگیری توندوتیژو تیرۆریزم کە سنور بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە مەدەنیەکانی تاکەکان دادەنێت، بۆ نمونە، شێوەیەك لە شێوە تەمبێکارو نا هەستیارەکانی قەڵاچۆکردنی تیرۆر یان سیاسەتەکانی کۆچ و پەنابەری و یاساکانیان.

77. بانگەواز بۆ کپکردنی رێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە لە دەستپێشخەریەکانی "پێش تاوان" کە رێ بە هێزەکانی ئاسایش بدات بۆ دادگاییکردنی بەستەرە یەکجار لاوازەکان کە پەیوەست بن بە رەفتاری کرداری.

78. چاودێری و بانگەواز بۆ لێپرسینەوە لە پێشێلکاریە گەورەکانی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی. دەبێ میکانیزمەکانی لێپرسینەوە پەیوەست بێ بە شارەزایی لە یەکسانی جێندەری بۆ پڕکردنەوەی خواستەکان.

79. بەهێزکردنی هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری بۆ رووبەرووبوونەوەی باری سروشتی تازە: یاسای بارە لەناکاوەکان و رێکارەکانی هاوشێوەی باری لەناکاو. دڵنیابوون لە ستاندەرایزکردنی کۆمەڵێك رێکاری ئیقتیحامی کە نابنە باری تازەی نۆرمەڵ و قبولناکرێن.

80. بەهێزکردنی سیستەمێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە کۆمپانیا تایبەتەکانی ئاسایشی سەربازی کەوا خەسخەسەی ئاسایش و شەڕ دەکات.

81. ئاراستەکردنی پرسیار بە ئاشکرا روەو یاساکان رێ بە چاودێری بەکۆمەڵی رەمەکی دەدات کە دەسەڵات دەداتە دەستتێوەردان بۆ دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری.

82. زامنکردنی تواناداان بە هەموو کەسێك، ئەوانەش کە بە "تاوانی پێشوەختە" تۆمەتبار کراون بۆ ئەوەی وەکو پێویست داکۆکی لە خۆیان بکەن.

83. چاودێریکردنی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ کە لە جێبەجێکردنی یاسای دژە تیرۆر دەکەوێتەوە لەڕێگەی ڕاپۆرتەکانی سێبەر بۆ لیژنەکانی ڕێکەوتننامەکان.

84. دڵنیابوون لەوەی کە دارشتنی راگەیاندنی باری لەناکاو (وەکو بەرسڤی سەرەکی ئاسایشی ناوخۆ بۆ رووبەرووبوونەوەی تیرۆر) تەواو لەگەڵ خواستەکانی یاسای نێو دەوڵەتی کۆکە، هیچ کاریگەریەکیشی نیە بەسەر مافە نەگۆڕەکان، کە وەکو ریزپەڕ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێتە رونبێت و لەڕێگەی یاساوە بۆ دەستپێکەیشتن لەباربێت و، دەسگربێت بە پرەنسیپی نەبونی جیاکاری لە بەکارخستنی تەواوی ڕێکارەکانی باری لەناکاو.

85. پاراستنی داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ و لایەنە کاراکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تێدەکۆشن و کاردەکەن لە پێناو دادپەروەری، کەرامەت و گۆرانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکەیاندا.

86. پارمەتیدان و پاراستنی داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ کە هەمو جۆرە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ دۆکیومێنت دەکەن، تەنانەت ئەوانەش کە لەلایەن لایەنە حکومیەکان ئەنجامدەدرێت بە مەبەستی ڕێگرتن لە تەڵقین.

## ئامانجی 5: بەهێزکردنی دادگەری جێندەرو دەرخستنی تایبەتمەندیە جێندەریەکان

87. گشتگیرکردنی تێروانینی جێندەر لە هەوڵەکانی ڕێگری لە هەموو جۆرەکانی پەرگیری توندوتیژ، بەپێی بریاری ژمارە 1325ی نەتەوەیە کگرتووەکان. شیگاری جێندەری پێویستە لە بریارەکان و دەستتیوەردانە ئەمنیەکان بۆ دانپیانان بە رەهەندە تازەکانی پەرگیری توندوتیژ و چۆنیەتی ڕێلێگرتنی.

88. بنیاتنانی توانای ژنان و گروپەکانی کۆمەڵی مەدەنیان بۆ بەشداری لە هەوڵەکانی خۆپارێزی و بەرسڤی پەیوەست بە پەرگیری توندوتیژ

89. ئەنجامدانی توێژینەوەو سیاسەتی مکۆمتر سەبارەت بە بەشداری ژنان لە گروپە چەکدارەکان، نەك تەنیا ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان.

90. داکۆکی لە بەشداری پێکردنی نوێنەرایەتی ئافرەتان لە پلاندانان و بریار وەرگرتن لە پرۆسە حکومی و دامەزراوەییەکان.

91. پشتگیری و بەهێزکردنی ڕێکخراوو و تۆڕەکانی ئافرەتان بۆ بینینی رۆڵی خۆیان لە بنیاتنانی ئاشتی و ئاشتەوایی لە میکانیزم و دامەزراوە فەرمیەکان لەسەر هەموو ئاستەکانی دروستکردنی بریاردا.

92. دەرخستنی چۆنیەتی کاریگەری پەرگیری توندوتیژ لەسەر هاولاتیان بەپێی ناسنامەی جێندەری و ئاراستەی سێکسیان و بەهێزکردنی بیرکردنەوەی رەخنەیی لەبارەی رۆڵی ئەوان لە پارێزگاریکردندا.

93. بەهێزکردنی کارلێك لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئافرەتان لەوەی کە پەیوەندیدارە بۆ کاریگەریان دوای دەستتێوەردانی ئەمنی و باشترکردنی هەبوونی ئاسایش لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا.

94. دڵنیابوون لە بەشدارپێکردنی ژنان (و ئەو گروپانەی دیکە کە نوێنەرایەتی یان کەموکوری تێدایە) لە دام و دەزگاکانی سەپاندنی یاساو ئاسایشی نیشتمانی، وەکو بەشێك لە چوارچێوەی ڕێگرتن لە پەرگیری توندوتیژ. گرنگە کە گیانی رەخنەگرتن لە تەواوی ستراتیژەکانی دژە توندوتیژی بەهێزبکرێت.

95. بانگەواز بۆ جێبەجێکردنی میکانیزمەکانی پارێزگاری بۆ کۆمەڵگە لاوازو بە ئامانجگیراوەکان، بە لاوان و ئافرەتانەوە، بۆئەوەی ڕێیان لێ بگیرێت کە باوەش بۆ پەرگیری توندوتیژ بکەنەوە (هەندێجار لەژێر جوتێك جیاکاری: جێندەرو رەوشی ململانێ).

## ئامانجی 6: بەهێزکردنی رۆڵی لاوان وەك لایەنی کارا لە گۆڕانکاریدا

96. بەهێزکردنی بەشداری لاوان و ڕێکخراوە پەروەردەییەکان لە دانان و چاودێری و بەدواداچوونی چوارچێوەی ڕێگرتن لە پەرگیری توندوتیژ.

97. بەهێزکردنی بەشداری لاوان لە دارشتن و بڵاوکردنەوەی گێرانەوەی بەدیل بۆ ڕێگرتن لە پەرگیری توندوتیژ. رانانی بەڵگەی تازە بۆ بەشداری لاوان وەکو نمونە بۆ ڕێگرتن لە توندوتیژی، ململانێ و پەرگیری توندوتیژو پشتگیری و بەهێزکردنی گێرانەوە ئیجابیەکان لەبارەی رۆڵی لاوان لە پەرگیری توندوتیژ.

98. بەشداریکردن لە پشتگیری پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی - ئابوری لەگەڵ بەربژاری پیشەیی زیاتر لەرێگەی بەهێزکردنی کلتوری ڕێکخستنی پرۆژەکان و پێشکەشکردنی پرۆژەی فێرکردن و، ئاسانکاری ڕێکارەکانی گەران بەدوای کارو هاوکۆکی لەگەڵ کارمکاندا، لەپاڵ یاسادانان.

99. بانگەواز بۆ بەشداری نوێنەرایەتی لاوان و بەشداری کردنیان لە بواری سیاسی لە ڕێگەی بەرنامە فێرکاریەکانەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە پلاندانان و دروستکردنی بریار لە پرۆسە حکومی و دامەزراوەییەکاندا، بەبێ جیاکاری. بەشدارییکردنی لاوان بەتەواوی بەپێی توانا گرنگە: لاوانی ناوخۆو کۆچبەران.

100. جێبەجێکردنی بەرنامەکانی فێرکردن کە دادوەری جیهانی و،کارامەیی نەرم و نیان و بیرکردنەوەی رەخنەیی، لێبوردەیی و رێزگرتن لە جیاوازیەکان بەهێزبکات، لەپێناو بەهێزکردنی ئاشتی و بەها ناتوندوتیژەکان.

101. دۆزینەوەی ئامرازەکانی پێشکەشکردنی پەروەردەی مەدەنی و ئاشتیخواز لە بەرنامە و کتێبەکانی قوتابخانە، کەرستەکانی وانە گوتنەوەو ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوە بۆ مامۆستایان.

102. هاندانی وتوێژ لە نێوان دایبابان، لاوان و پێگەیشتووان و پشتگیریکردنی دایبابان لەسەر رەفتاری نا ئاسایی منداڵەکانیان بۆ کاردانەوە لە کاتی گونجاودا.

103. ئاسانکردنی دابڕینی لاوان لە گروپە توندوتیژەکان. کارکردن لەگەڵ ئەو لاوانەی چونەتە ریز گروپە پەڕگیرە توندوتیژەکان بۆ ئاراستەکردنی ئامانجیان بۆ گۆرانکاری بەرەو چالاکی و پەیرەوی بنیاتنان و دوور لە توندوتیژی و گشتگیر. لەوانەش بەرنامەکانی خۆپاراستن لە هۆشبەرەکان لە دارشتنی پرۆسەکانی دابڕین، سەرەرای بەرنامە لە سیستەمی بەندیخانەدا.

104. دانانی پێوەر بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی بەسەر تۆرکانی دامەزراندن لە کارو تەلقینی لاوان لە رێگەی ئایدیۆلۆژیا پەڕگیرە توندوتیژەکان .

105. بانگەواز بۆ دابینکردنی شوێنە گشتی و ناوخۆییەکانی حەوانەوە بۆ لاوان بەبێ جیاوازی، بۆ ئەنجامدانی چالاکی کلتوری، هونەری، وەرزشی و تەرفیهی.

## ئامانجی 7: بەهێزکردنی بەهاکانی دیموکراتی و پارێزگاری لە کایەی کۆمەڵگەی مەدەنی

106. دڵنیابوون لە گەیشتنی دادوەری بە هەمو دانیشتوان (بەتایبەتی کۆمەڵگە لاوازەکان)و بەهێزکردنی دامەزراوە دادوەر، کاریگەر، بەرپرسیارو گشتگیرەکان لەسەر هەموو ئاستەکاندا، بەجۆرێك کە لەگەڵ پلانی پەرەپێدانی بەردەوامی 2030.

107. داکۆکیکردن و چاودێری دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان بە شێوازێکی دور لە جیاکاری، زامنکردنی بەرپرسیارێتی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و فراوانکردنی چێوەی خزمەتگوزاریەکانی دەوڵەت لەسەر ئاستی لۆکاڵ و، وەدیهێنانی ژینگەیەك کە گیانی دەستپێشخەری تێدا گەشە بکات و بۆیهەبێ کۆمەڵگەکان زیاتر ئاشتیخوازو دادوەرو گشتگیر بن.

108. بەهێزکردنی روبەری سیاسی بۆ دیالۆگی دور لە توندوتیژی لە نێوان هەموو لایەنە سەرەکیەکان و رێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ. دەبێ ئەو دیالۆگە پشت ببەستێ بە ریزگرتن لە مافەکانی ئازادی رادەربرین و کۆبونەوە. هەروەها پەیپێبردن و پاراستنی گروپە ناتوندوتیژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو هاوبەشی بنچینەیی لە فەراهەمکردنی کۆمەڵگەی دیموکراتی و فرە رەنگ.

109. تەبەنی کردنی پەیرەوی لۆکەلی بە ئامانجی چارسەری کێشە ناوخۆکان لە هاوبەشی لەگەڵ دانیشتواندا. دەبێ ئەو ستراتیژانە بەهێزەوە پشت ببەستن بە مافەکانی مرۆڤ و بەرپرسیارێتی لە پارێزگاریکردن لە نۆرمەکان بۆ دورکەوتنەوە لە دوچارکردنی خەڵکی سڤیل بە مەترسی.

110. بانگەواز بۆ ڕێکاری وتوێژە ئیقلیمی و نیشتمانیەکان سەبارەت بە ڕێگری لە پەڕگیری توندوتیژ لەگەڵ لایەنە کاراکان، لەوانەش بەشدارپێکردنی لاوان، یەکسانی جێندەری، بەشدارییکردنی گروپە پەراوێزخراوەکان، رۆڵی شارەوانیەکان و، پەیوەندیکردنی ئیجابی لەرێگەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و سەکۆ مەجازیەکانیدیکە. بەهێزکردنی رۆڵی کلتورو هونەر لە فەراهەمکردنی کلتوری گفتوگۆ.

111. بانگەواز بۆ جۆراوجۆر کردنی سامانە بەردەستەکانی دەوڵەت کە تایبەت دەکرێ بۆ قەلاچۆکردنی تیرۆر و تایبەتمەندکردنی بۆ ڕێکارەکانی ڕێگرتن لە پەڕگیریە توندوتیژەکان.

112. سەرپەرشتیکردن و بانگەواز بۆ بنیاتنانی دامودەزگاکانی ئاسایشی دەوڵەت کە دەسەڵات خراپ بەکارناهێنن و بەرپرسیارێتی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دەگرنە ئەستۆ.

113. دامەزراندنی میکانیزمی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بە ماف و ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیەکانی و دەستپێشخەری بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ تەبەنیکردنی میکانیزمەکانی پاراستن و تواناپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

114. بەهێزکردنی هاوکاری کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵاتەکانی ناوخۆ بۆ فەراهەمکردنی دەرفەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتوری و ئابووری، لە هەردوو ناوچەی لادێی و شارنشیندا.

115. پشتگیری دامەزراندنی سەکۆی ئیقلیمی و جیهانی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لاوان و ژنان وسەرکردە ئاینیەکان بۆ تواناپێدانیان بۆ ئاڵوگۆڕی مومارەسەی باش و شارەزایی بۆ باشترکردنی کارکردن لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا.

116. بوژاندنەوەی چێژوەرگرتن لە مافەکانی بەها دیموکراتی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان، لەوانەش دەستپێشخەریەکان لەسەر بنچینەی مافەکانی مرۆڤ کە یارمەتیدەرە بۆ لەناوبردنی ئەو ڕەوشانەی دەبنە مایەی پەرگیری توندوتیژ.

117. بەهێزکردنی جێبەجێکردنی میکانیزمەکانی دادوەری ڕاگوێزراو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەلەپوری پێشێلکاریەکانی ماقی مرۆڤ و زامنکردنی چارەسەری بۆ قوربانیان.

118. بەهێزکردنی بەشداری کۆمەڵایەتی ئابووری بۆ گروپە کەمینەکان لە پێڤاژۆی مافە سیاسیەکانیاندا.

119. هاندانی یەکێتی و ڕێکخراوو ژوورە پیشەیی و مەدەنیەکان بۆ پەیوەندیکردن لە ڕێگەی تۆڕە تایبەتەکان بە توێژە پەراوێزخراوەکان بە مەبەستی پێکەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاریەکان لە ڕێگەی دیالۆگی گشتگیر و سایستە رازیکارەکان.

## ئامانجی 8: بەرجەستەکردنی گێرانەوەی بەدیل لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ڕاگەیاندنی تەقلیدی

120. دارشتن و جێبەجێکردنی هەڵمەتی بەرزگرنەوەی هۆشیاری لەبارەی کاریگەری سلبی ئایدیۆلۆژیاکانی پەرگیری توندوتیژ کە هەمان جەماوەر دەکاتە ئامانج لە بەرەوپێدەرانی گوتاری ڕق.

121. پشتگیری ستراتیژی و تێکەڵبوون لە بەرگەگری مەدەنی و بزاڤە ناتوندوتیژەکان کە بانگەوازدەکەن بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر ستەم یان توندوتیژی سیاسی و تیرۆر. پێدەچێ کە بەهێزکردنی شەرعیەتی بزاڤە ناتوندوتیژەکان کە کاردەکەن لە ململانێ توندوتیژەکان کاریگەرترین ستراتیژبێت لە ڕووبەڕووبونەوەی ستەم و نادادپەروەری، جێگۆڕکێی ململانێکان و بەهێزکردنی خۆراگری کۆمەڵگە.

122. بەشداری لە دارشتن و پەرەپێدانی ستراتیژی پەیوەندیە نیشتمانیەکان، لەگەڵ جەختکردنەسەر تۆرەکانی سۆشیەڵ میدیا کە بۆ پێڤاژۆ ناوخۆییەکانی نەخشەرێژکراون، کە بریتین لە ڕەچاوکردنی جیاوازی جێندەری و پشت دەبەستن بە ستاندەرە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ، بۆ بەرەنگاربونەوەی گێرانەوەی بەربڵاوی پەیوەست بە پەرگیری توندوتیژ. لەم بابەتەش، پێدەچێ کە ئەولەویەتی بزاڤە ناتوندوتیژەکان کە لەژێر سایەی داگیرکاری سەربازی کاردەکەن، لەپاڵ گشتگیرکردنی نمونەی فەلەستین و پێڤاژۆکەی وەکو سیمبول بۆ تەواوی ناوچەکە.

123. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر پەیوەندی نێوان خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن پەرگیرانی توندوتیژ و ئەو هۆکارانەی تاکەکان بەرەو پەرگیری توندوتیژ پاڵدەنێن.

124. بەهێزکردنی گێرانەوەی بەدیلەکان کە چارەسەری پاڵنەرەکانی پەرگیری توندوتیژدەکات، لەوانە پێشێلکاریە بەردەوامەکانی مافەکانی مرۆڤ.

125. پاراستنی سەربەخۆیی و ئازادی دەربرین و فرەلایەنی و جۆراوجۆری میدیاکان لە چوارچێوەی یاسا نیستمانیەکاندا.

126. پاراستنی هەموو ڕۆژنامەنووسان بە زامنکردنی لێکۆڵینەوەی یەکسەرو گشتگیر لە هەرەشەکان بۆ سەر سەلامەتیان و، هاندانیان بۆ کارکردن پێکەوە بۆ پەرەپێدانی خۆبەخشانەی ڕاگەیاندن. مەشق و بنەمای ڕەفتار لە بواری پەرەپێدانی لێبووردەیی و ڕێز. ئەگەر پێویست بێ، پێشکەشکردنی هەموو جۆرە ڕاهێنانێکی پێویست بۆ پتەو کردنی سەربەخۆیی لە هەر کاریگەریەکی پێشبینیکراو (سیاسی ، ئاینی، تاد).

127. دامەزراندنی میکانیزمی هەماهەنگی لەنێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە پەیوەندیدارە ناحکومیەکان (رۆژنامەنووسان، تۆرە کۆمەڵایەتیەکان، تاد) بۆ کارکردن بەرەو راگەیاندنی پرەنسیپەکانی قەڵاچۆکردنی گوتاری رق.

## ئامانجی 9: هاندانی پشتبەستن بە پلانی لۆکەڵ و ئیقلیمی و نیشتمانی

128. بانگەواز بۆ تەبەنی کردنی پلانی کاری لۆکەڵ، ئیقلیمی و نیشتمانی بۆ ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ و دڵنیابوون لەوەی پرۆسەی پێناسەکردن و تەبەنی بوارەکانی گفتوگۆ دەگرێتەوە لە نێوان لایەنە جیاجیاکان و بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

129. دڵنیابوون لەوەی پلانی کار تەنیا جەخت ناکاتە سەر پەڕگیری ئاینی، بەڵکو جیا لەوە تەواوی رەچاوی گوتارو رەفتارە پەڕگیرەکان دەکات. ئایدیۆلۆژیا توندگیرو رەگەزپەرستەکان یان راستڕەوە پەڕگیرەکانیش هەڕەشەی دیکەی ئێستان کە پەڕگیری توندوتیژ بەهێزدەکەن.

130. بانگەواز بۆ سنووردانان بۆ بەشداری کردنی لایەنە کارا ئەمنیەکانی دەوڵەت لە جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی ڕێگری و بەهێزکردنی ڕۆڵی سەرەکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رووی ڕێگری لە پەڕگیری توندوتیژ.

131. بانگەواز بۆ جێبەجێکردنی بواری وتوێژی گشتگیر لە نێوان حکومەتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بە هەموو سیاسەتەکانی ڕێگری لە پەڕگیری توندوتیژ.

## ئامانجی 10: دامەزراندنی روانگەی ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ

132. پشتگیری کردنی دامەزراندنی روانگەیەك بۆ ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ (OPEV) لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاست بۆ پشتیوانی جێبەجێکردنی پلانی کاری دەرچوو لە کۆنفرانسی بەرشلۆنە. ئەو روانگەیە شوێنکەوتەی دینامیکەکانی دەوڵەت نابێت و پشتگیری لە هیچ شەڕێکی دژ بە تیرۆ ناکات.

133. OPEV هەماهەنگی دەکات لەنێوان هەوڵەکانی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەو پلانی کارەو دەرەنجامە سەرەکیەکانی کۆنفرانسی بەرشلۆنە.

134. OPEV ئامانجی وایە ببێتە سەنتەرێکی هەماهەنگی بۆ هەموو واژۆکارانی سەر پلانی کارەکە بۆ جێبەجێکردنی هەوڵە هەماهەنگکراوەکان لە پێناو برەودان بە چوارچێوەی سیاسەتی ڕێکارەکانی ڕێگرتن لە ڕوودانی پەڕگیری توندوتیژ.

135. OPEV دامەزرانی سەکۆیەکی چالاك زامن دەکات بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرتاپای ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاست کە هانی هەوڵەکانی هەماهەنگی دەدات.

136. OPEV شێوازەکانی کاری لێکۆڵینەوە دەگرێتە بەر بۆ دەستنیشانکردنی پاڵنەرە سەرەکیەکانی هەموو پەڕگیریەکی توندوتیژ لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەڕاستدا.

137. OPEV شیکاریەکی گەورەی داتاکان ئەنجامدەدات و لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر پروپاگەندەو گوتاری رق لە ئینتەرنێت و سۆشیەڵ میدیا.

138. OPEV برەودەدات بە هەڵمەتی هەرێمایەتی گێرانەوە بەدیلەکان بۆ گازاندە بەرپاکانی کۆمەڵگە.

139. OPEV بانگەواز دەکات بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی کاری ناوخۆ، ئیقلیمی و نیشتمانی بۆ ڕێگرتن لە پەڕگیری توندوتیژ، پێکرا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە بەشداری لاوان، یەکسانی جێندەری و بەشدارپێکردنی توێژە پەراوێزخراوەکان. بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دیزاینکردنی پلانی کاری نیشتمانی لە پلانی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگری لە پەڕگیری توندوتیژ دیاریکراوە.

140. OPEV پەیوەندی و هەماهەنگی بەهێزدەکات لە سەکۆی ڕێکخراوە مەدەنیەکان کە لەلایەن کۆنفرانسی بەرشلۆنەوە دەرچووە لە ڕێگەی هاوبەشیکردنی تەواوی رەگەزە پێویستەکان (پراکتیسی باش، ئامرازەکان، تاد) بۆ تواناپێدان و بەشداریکردنی زیاتریان لە ڕێگری لە پەڕگیری توندوتیژ.

141. OPEV دەستنیشانی باشترین پراکتیسی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات بۆ ڕێگرتن لە پەرگیری توندوتیژ بۆ بەشداری و بەهێزکردنی سەکۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئۆرو-ناوەڕاست کە لەلایەن کۆنفرانسی بەرشلۆنەوە دەرچووە.

142. OPEV پشتگیری تەکنیکی پێشکەشدەکات (تۆربەندی، ڕاهێنان، تاد) بۆ سەکۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەلایەن کۆنفراسی بەشلۆنە دەرچووە. کە ڕاپۆرتێکی ساڵانە پێشکەشبکات لەبارەی یاساکانی دژەتیرۆر کە وڵاتە ئیقلیمیەکانمان تەبەنیان کردووەو کاریگەریەکانیان لەوەی پەیوەستە بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ.

143. ئێمە، ئەو بزاڤ و ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوچەی ئۆرۆ-ناوەراست کە واژۆمان کردوە، نیازی خۆمان رادەگەیەنین لە رێزگرتن و بەشداربوون لە جێبەجێ کردنی ئەو پلانی کارەی ئەمرۆ تەبەنی کرا.

## بەرشلۆنە، 30ی کانونی دوەمی 2017

### لەبارەی OPEVیەوە

روانگەی خۆپاراستن لە پەرگیری توندوتیژ OPEV بریتیە لە سەکۆیەکی چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە تەواوی ناوچەی ئۆرۆ-ناوەراست بە ئامانجی پێشکەشکردنی بەشداریەکی کاریگەر بۆ ڕێگرتن لە پەرگیری توندوتیژ. لەژێر رۆشنایی ئەو وانانەی سودیان لێ وەرگیراوە بە درێژایی چەند دە ساڵی رابردوو و ئەو ئاڵنگاریانەی چاوەڕێمانن، ئەم سەکۆیە هەماهەنگی سازدەکات لە هەوڵەکانی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پلانی کاری کۆمەڵگەی مەدەنی ئۆرۆ-ناوەراست بۆ ڕێگرتن لە هەموو شێوازەکانی پەرگیری توندوتیژ. OPEV شوێن دینامیکیەکانی دەوڵەت ناکەوێت و پشتگیری لە هیچ شەرێکی دژ بە تیرور ناکەین

### لەبارەی NOVACTەوە

پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ کاری ناتوندوتیژ کاردەکات بۆ بەهێزکردنی ڕێکارەکانی بنیاتنانی ئاشتی نێودەوڵەتی لە رەوشەکانی ململانێدا. لە ڕێگەی تۆڕێکی جیهانی لە شارەزایان و چالاکوانان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەوروپا، ئەمریکای لاتین، ئەفریقیاو ئاسیا، پەیمانگاکە پشتگیری بزاڤە نا توندو تیژەکان دەکات و، کاردەکات لە پێناو گۆرین و گۆرانکاری کۆمەڵایەتی، هەروەك پەرە بە دەستتێوەردانی دوور لە توندوتیژی دەکات بۆ پارێزگاری لە کۆمەڵگە لاوازەکان لە ڕەوشەکانی ململانێدا، بۆ کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی داکۆکی، ئاسایش و سیاسەتی دەرەوە لە ئەوروپاو پێڤاژۆ نێو دەوڵەتیەکانیدیکە.

لە ساڵی 1999 دامەزراوە، لە ماوەی 15 ساڵی رابردوودا پەرەمان بە زیاتر لە 300 پرۆژەی نێودەوڵەتی داوە لەسەر خواستی لایەنەکانی ململانێ ، چ لایەنی حکومی بن یان ناحکومی و ڕێکخراوو و ئاژانسە نێو دەوڵەتیەکان. راستینەیی NOVACT پشت بە پەیوەندیە مەیدانیەکانی دەبەستێت. ئەرکی تەنیا بریتی نیە لە تێگەیشتنی حەقیقەتە لۆکاڵیەکان، بەڵکو بریتیە لە پێشکەشکردنی پشتگیری بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و بزاڤە کۆمەڵایەتیە لۆکاڵەکان لە ڕێگەی بنیاتنانی تواناکان، یارمەتی تەکنیکی، پرۆگرامی ئەکادیمی، یان بەرگری یاسایی لە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ.

### لەبارەی CMODHەوە

بیرۆکەی دامەزراندنی CMODH لە بەرشلۆنە لە حوزەیرانی 2005 سەرییهەڵدا لەگەڵ ئاهەنگێران بە یەکەم سەکۆی کۆمەڵایەتی دەریای ناوەڕاست و لەژێر ئامادەکاری بۆ یەکەم سەکۆی کۆمەڵایەتی مەغریبی. ئامانج لە کاری CMODH بریتیە لە پشتگیری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لە بوارەکانی پاراستن و بەرزکردنەوەدا، لە وڵاتانی مەغریب و بۆ هەموو هاوڵاتیان. ئامانجە تایبەتەکانی بریتین لە:

+ بەهێزکردنی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان ئەندامەکانی سەبارەت بە خەباتکردن بۆ بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ و پارێزگاری لە دیبەیتە جیهانیەکانیان.

+ ئەولەویەت دان بە هاوکاری و هەماهەنگی سەبارەت بە پاراستنی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ بەپێی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی پارێزگاری لە داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ.

+ بەهێزکردنی پەیوەندیە پتەوەکان لەنێوان ڕێکخراوە مەغریبیە جیاوازەکان کە لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا چالاکن.

+ بەشداریکردن لە بەهێزکردنی بەهاکانی کلتوری دیموکراتی، لێبوردەیی، یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ، سەرەڕای بەهێزکردنی نزیکبوونەوەو هاوکاری نێوان خەڵکی ناوچەکە.

+ بەشداریکردن لە داکۆکی لە مافەکانی کۆچبەران لە وڵاتانی مەغریبی و وڵاتی کۆچدا.

+ بەشداریکردن لە داکۆکیکردن لە یەکسانی ژن و پیاو بۆ مافەکانیان.